



محەمەد ئەرکۆن
وەرگێڕانی: شوان ئەحمەد

# ئیسلام و مارکسیزم

خۆرهەڵاتناسی ناسراوی فەرەنسی (مەکسیم ڕۆدنسۆن)، پێشترو بەشێوەیەکی دورو درێژ، باسی لە پەیوەندی ئیسلام بەمارکسیزمەوە کردبوو. وەلێ پێویستە بەشێوەیەکی گشتی و زۆر ورد، چاو بەو پەیوەندیەو بەو بۆچونیەی مەکسیم ڕۆدنسۆن دا بخشێنینەوە، بەتایبەت دوای هەرەسهێنانی ڕژێمە کۆمۆنیستیەکان لەیەکیەتی سۆڤیەت و ئەوروپای خۆرهەڵاتدا. واتە باس و خواسەکانی مەکسیم ڕۆدنسۆن (سەرباری گرنگیان)، بەس نییە.

وەك ئاشکرایە جەزائیر لەسەرو بەندی سەربەخۆ بوونیدا، خۆی بەناوی (کۆماری جەزائیری دیموکراسی میللی)ییەوە ئیعلانکرد. پێیوابوو بەرژەوەندی لەوەدایە کەمۆدێلی سۆسیالستی خۆبەڕێوەبردن هاوردە بکات، هەرچەندە ئەو مۆدێلە لەیوگسلافیای پێشو و چەند وڵاتێکی دیکە شکستی هێنابوو.

کەباس لەمەدەکەین لەوەش بەئاگاین پەیوەندیەکانی نێوان جەمال عەبدولناسر و مارشاڵ تیتۆ لەچ ئاستێکدابووە. هەروەها دەشزانین ئەو سەرکردەیەی میسر و عەرەب و هەروەها سەرانی جەزائیر و وڵاتانی دیکە، بەئەزموونی چیکۆسلۆڤاکی و ئەڵمانیای خۆرهەڵات و تەنانەت بەئەزموونی ڕۆمانیای چاوشیسکۆ، چەند سەرسان بوون. جگە لەسەرسام بوونیان بەئەزموونی شکست خواردووی چینی میللی و یەکیەتی سۆڤیەتی جاران.

هەموو ئەوانە زانراوەو باسکراوەو پێویست بەوەناکات، زۆر لەسەری بڕوین. وەلێ ڕژێمە شاهنشاییەکانی وڵاتانی عەرەب، خۆیان لەکاریگەرێتی سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم بەدوور گرت. بێگومان ئەو جەنگە ئایدیۆلۆژیەشی زۆر بەتوندی لەنێوان دوو زلهێزەکەی جیهاندا هەبوو، کاریگەری لەسەر گوتاری فەرمی وڵاتانی عەرەبی جێهێشت و بەهەمان شێوە جیهانی عەرەبی بەسەر دووکەمپدا دابەشکرد.

بەڵام ئەو دابەشبوونە ئایدیۆلۆژیە لەسەر ئاستی سەرانی عەرەب و گوتاری فەرمی، کاریگەری زۆری لەسەر بەرەوپێشچونی پرۆسەی کۆمەڵایەتی و ئابووری و کلتووری جێنەهێشت. دواجار ئەمەش وایکرد ببێتەمایەی سەرکەوتنی دیاردەی میلیگەرایی و فێندەمێنتالیزم، وەك پێشتر باسم لێی کردووە.

واتە لەو قۆناغەدا وتارو لێدوانی سەرکردەکان بەئاڕاستەیەکدابوو، لەولاشەوە بزاوتی واقیع و گۆڕانکاریە قوڵەکانی بەئاڕاستەیەکی دیکەدابوو. ئەمە وایکرد کابینەی وەزاری تەکنۆکراتی شکست خواردوو، بێتەئارا و ڕۆشنبیرانی مشەخۆر و ڕۆشنبیرانی ئۆرگانی، واتە ئەوانەی بەشێویەکی ئۆرگانیکی پەیوەست بوون بە سەرۆك و حیزبی دەسەڵاتدار و ئایدیۆلۆژیای فەرمیەوە، پەیدابن. وەك ئاشکرایە دەستبەرداربوونی ڕۆشنبیرانی عەرەب لەو قۆناغەدا، لە پەیامەکلتوری و فیکریەکانیان و بەچۆکداهاتنیان لەبەردەم سەرکردەکان و دروشمی پۆپۆلستی و هات و هاواری جەماوەردا، ڕێگەی خۆشکرد بۆ دەرکەوتنی ڕۆشنبیرانی فێندەمێنتالیزمی میللی گەراو سەرکەوتنیان و بگرە گۆڕەپانەکەیان

بەتەواوەتـی بـۆ چۆڵکـردن، تابێـن و پاوانیکـەن بۆخۆیـان.

پێویسـتە ئـەوە بزانیـن کەهـزری مارکسـی ڕاسـتەقینە (مەبەسـتم هـزری کارل مارکـس خۆیەتـی)، بەفیعلـی لەناوەنـدە کلتوریـە عەرەبـی و ئیسـلامیەکاندا ئامادەگـی نیـە، یـان بەپێچەوانـەی بۆچونـی زۆرێکـەوە نەنـاسراوە و وەك پێویسـت ئاشـنانین پێـی.

کەئـەم قسـانە دەکـەم، ئەڵبەتـە هـزری مارکسـی لەئایدیۆلۆژیای مارکسـی جیادەکەمـەوە. سـەرەوەختێك دەڵێـم (لەناوەنـدە ئیسـلامیەکان)دا، ئـەوا زەحمەتـە لێـرەدا بـەوردی دیـاری بکـەم کەبەشـێوەیەکی سۆسـیۆلۆژی و فیکریـی، مەبەسـتمان لەوشـەی (ئیسـلام) و (موسـڵمان) چییـە، سـەرەوەختێك بەراوردیـان دەکەیـن بەهـزری مارکـس، نـەك بەهـزری کۆمۆنسـتی یاخـود تەنانـەت سۆسـیالیتی، وەك پێشـتر کـردم.

ئـەم جیاکردنـەوەوە وردەکاریانـە تەنهـا چەنـد توێـژەر و لێکۆڵیارێکـی دەگمـەن کردویانـە، سـەبارەت بـەو قۆناغـەی کـە ڕۆشـنبیران تیایـدا ملیـان نـاو تێکـەڵ بـە (بـەرەی سۆسیالسـتی کۆمۆنسـتی)بوون، بـەو ئامانجـەی ئـەوە پێگەیەکـی کۆمەڵایەتـی شایسـتەیان بـۆ مسـۆگەر بـکات و موچەیەکـی مفـت و بەلاشـیان پێبـدرێ و دەسـەڵاتدارانیش حسـابیان بۆبکـەن. لـەو قۆناغـەدا بـاو بـاوی ئەوەبـوو، وەك ڕۆشـنبیرێکی پێشـکەوتووخواز یـان تەنانـەت وەك مارکسـی-لینینیـەك، دەربکەویـت و بناسرێیـت!!

هەرچۆنێـك بێـت ئـەوە قۆناغێـك بـوو تییـدا هـزری ڕەخنەیـی کـەم تـا زۆر، لەکایـەی عەرەبـی و ئیسـلامیدا بوونـی نەبـوو. ئەمـەش مانـای وایـە لەهـزری ڕاسـتەقینەی مارکـس تێنەگەیشـتبوون و لەلایـەن ڕۆشـنبیرانی عەرەبـەوە بەچاکـی تاوتـوێ نەکرابـوو، لەبەرئـەوەی هزرێکـی تـەواو ڕەخنەگرانـە و ڕادیکالانەبـوو، سـەرەڕای ئـەوەی هەنـدێ بۆچـون و تێبینیـمان لەسـەر ڕەهەنـدە ئایدیۆلۆژیەکـەی هەیـە. وەك دەزانیـن ئـەوەی پەیوەنـدی بەبزاوتـی هـزری عەرەبییـەوە هەبێـت، گواسـتنەوەیەك یـان وەرچەرخانێـك لەقۆناغـی شۆڕشـی سۆسیالسـتی عەرەبـی و نەتـەوەی گـەورەی عەرەبـەوە بەڕابەرایەتی جەمـال عەبدولنـاسر (1952-1970)، بـۆ قۆناغـی

**پێویستە ئەوە بزانین کە مارکسیە دۆگماتیستەکان بە شێواز و ستایلی پیاوانی ئایینی لە مەسیحیەت و ئیسلامدا، گوتار و قسەکانی خۆیان فۆرمەلا دەکرد و بەکاریان دەهێنا**

شۆڕشی ئیسلامی بەڕابەرایەتی خومەینی لەدوای ساڵی 1979، ڕویدا. لەهەردوو قۆناغەکەدا ئەوەی بوون و ئامادەگی نییە، هزری ڕەخنەگرانەی ئەقڵانی سەنگینەو لەغیابی ئەوەشدا ئەوەی باڵادەست بووە، کلتوری ئەو دروشمە پڕ جۆش و خرۆشانەبووە کەهانی جەماوەریان داوە.

لەهەردوو حاڵەتەکەشدا مەعریفەی ڕەخنەیی مێژوویی و زانستی بەئیسلام (وەك ئایین و وەك شارستانیەت و وەك هێزێك کەگەلان بێدار بکاتەوە)، زۆر سنورداربووە و لەئاستی پێویستدا نەبووە.

دەتوانین بڵێین هەتا ئەمڕۆش، هیچ تیۆریەکی شیاو و گونجاو بۆ دیاردەی ئایینی و بۆ ڕۆڵ و پێگەی ئایین لەکۆمەڵگەی مرۆڤایەتیداو پەیوەندی ئایین بەسیاسەت و ئابووری و کلتوورەوە، لەئارەدا نییە.

گەر بێتو ئێمە هەموو ئەوانە لەبەرچاوبگرین، ئەوا تێدەگەین لەوەی چ پوچگەراییەکە باس لەپەیوەندی نێوان مارکسیزم و ئیسلام یان تەنانەت پەیوەندی نێوان مۆدێرنە و ئیسلام، لەهەردوو ئەو قۆناغەدا بکەین کەپێشتر باسمان کردن.

ئەم پرسە لەهەمان کاتدا پرسێکی گشتگیرتر سەبارەت بەپێگەی ڕۆشنبیران لەناوەندە ئیسلامیەکاندا دێنێتەئارا (ئیدی عەرەبی بێت یان غەیرە عەرەبی)، لەگەڵ باس و خواسی ئەو ڕۆڵ و ئەرکانەی ڕۆشنبیران ئەنجانی دەدەن و پێی هەڵدەستن، هەر لە ساڵی 1950 تا بەڕۆژگاری ئەمڕۆمان دەگات.

وەك دەزانین وڵاتانی عەرەبی لەدوای ساڵی 1950، لەقۆناغی لیبرالیزمی عەرەبییەوە (1830-1940)، گواستیانەوە بۆ سەردەمی ئایدیۆلۆژیای خەباتی جەماوەری، بەهەموو دروشمە باوەکانیەوە (1952-1970).

سەبارەت بەوەی پەیوەندی بەفێندەمێنتالیزمە ئیسلامیستەکانیشەوە هەیە، دەتوانین بڵێین پەیوەندیان بەمارکسیزمەوە، پەیوەندیەکی ناخود ئاگاییانەیە، وەلێ ڕاستەقینانەیە.. چۆن؟

گەر هاتوو ڕەهەندی پێشبینی کردنی داهاتوومان لەبەرچاوگرت کەخاڵی هاوبەشی نێوان هەردووکیانە. ڕەنگە ئەوە یەکەمجار سەیر بکەوێتەوە، وەلێ گەر بەوردی سەرنجماندا ئەوا مەعقول و گونجاو دەردەکەوێت.

ڕەنگە زۆرێکی زۆر بەوە ڕازی نەبن و بڵێن: (ئاخر پەیوەندی لەنێوان ئایدیۆلۆژیایەکی بێباوەڕی ماتریال و ئایدیۆلۆژیایەکی ئاینیدا چییە؟). وەڵامەکەش ئەوەیە گوتاری مارکسی بەڵێنی بەهەشت بەلایەنگرانی دەدات لەسەر ئەم زەویە، دوای کۆتایی دەوڵەت و باڵادەست بوونی پرۆلیتاریا و کۆتایهێنان بەزوڵم و چەوساندنەوەو ستەم و لەناوچونی سەرمایەداری.... هتد. گوتاری ئایینیش بەڵێنی هەمان شت بە ئیمانداران دەدات، بەڵام لەوەدنیا و دوای مردن.

پێویستە ئەوە بزانین کەمارکسیە دۆگماتیستەکان بەشێواز و ستایلی پیاوانی ئایینی لەمەسیحیەت و ئیسلامدا، گوتار و قسەکانی خۆیان فۆرمەلا دەکردو بەکاریان دەهێنا. بەمجۆرە دەبینین

داهاتووی گەشی پڕ لە دادپەروەری و برایەتی، خاڵی هاوبەشی نێوان سەرجەم گوتارە دۆگما و دەمارگیرەکانە، ئیتر ئەوە لەئایینە ترادسیۆنەلەکاندا بێت، یاخود لەئایینە دنیاییەکان و ئایدیۆلۆژیا مۆدێرنەکانی وەك مارکسیزمدا بێت.

هەموویان بەشێوەیەکی ئاڵ و والا وێنای داهاتوو دەکەن. ڕاستە ئیمانداران موسڵمان و مەسیحی، پرانسیپەکانی فەلسەفەی مارکسیزم ڕەتدەکەنەوە بەوەی پێیەی ئایدیۆلۆژیایەکی بێباوەڕانەیە، وەلێ پرۆلیتاریا و ئیمانداره خەباتگێڕەکان (ئەوانەی تێکەڵ بەدنیای سیاسەت بوون)، خاڵێکی هاوبەش لەنێوانیاندا هەیە کەکۆیان دەکاتەوە، ئەویش چاوەڕوانکردنی ساتەوەختی ئایدیالییە، بۆ بەدیهێنانی سەرفرازی و ئازادی تەواوەتی ئیتر لەم دنیایەبێت یاخود لەوەدنیا بێت.

پێویستە ئەوەبزانین کەهێڵە گشتیەکانی هیوا و ئومێدی کۆمەڵایەتی و پەیکەری ڕووبەڕووبوونەوە و ململانێ لەکۆمەڵگە تەقلیدیەکاندا کەبەشێوەیەکی تایبەت لەسەدەکانی ناوەڕاستدا لەئارەدابوو، هەتا ئەمڕۆش لەو کۆمەڵگایانەی تائێستا بەئیمانداری ماونەتەوە (وەك کۆمەڵگە ئیسلامیەکان)، واتە ئەو کۆمەڵگایانەی تائێستا کلتوری (کتێبی پیرۆز- کتێبی ئاسایی) بەسەریدا زاڵە، نەگۆڕاوە و هەروەك خۆیەتی.

هەروەها دەبێت ئەوەش بزانین کەڕژێمی کۆماری عەلمانی مۆدێرن کاتێك سیاسەتی کرد بەپرسێك جێ بایەخی هەمووان بێت، گۆڕانکاری لەبونیادی ئەنسرۆپۆلۆژی (هیوای دەستەجەمعی و خەیاڵدانی کۆمەڵایەتی)دا دروست نەکرد.

بەداخەوە زانستە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان وەك پێویست بە قوڵایدا ڕۆناچن، لەسەر ئەو ئاستە قوڵە لەفیکر و مێژوودا. بەڵام بۆچی واناکەن؟ لەبەرئەوەی هەتا ئێستاش هەر میراتگری یاسا فیکرییە گەورەکانن کەلەڕێی ئایین و دیدگا فریادڕەسخوازە غەیبیەکانەوە، کاردەکەن و کاریگەری ئەوانیان لەسەرە.

سەرچاوە:
محمد أركون: تحرير الوعي الاسلامي (الاسلام والماركسية)- ترجمة و تقديم: هاشم صالح- دار الطليعة، بيروت- الطبعة الاولى، 2011.